

2022

# یەکەم ساڵی زانکۆم چۆن تێپەڕی. ؟


نوسەر

عبدالکریم مصطفی گەردی

# یەکەم ساڵی زانکۆم

## چۆن تێپەڕی .؟

نوسەر

عبدالکریم مصطفی گەردی

2022

# ناسنامەی کتێب

کتێب :  یەکەم ساڵی زانکۆم چۆن تێپەڕی

نوسین و ئامادەکردن  : عبدالکریم مصطفی کریم

نەخشەسازی و بەرگ :  عبدالکریم مصطفی کریم

چاپی ئەلیکترۆنی :  pdf 2022

2022

## کورتەیەک لەناوەڕۆکی کتێبەکە:-

کورتە گێڕانەوەیەکی پۆلی دوازدە و یەکەم ساڵی زانکۆی نوسەرە ، باسکردنی چەند بابەتێکی تری گرنگ وەک :- چۆن ڕاپۆرت بنووسم. ؟ ـ چۆن سیمینار پێشکەش بکەم. ؟ ـ تەکنیکی گرنگ بۆ شکاندنی ترس ـ گرینگە قوتابی زانکۆ زیاد لە پسپۆڕیەک بزانێت ـ ئامانجت چییە لە ڕۆیشتنت بۆ زانکۆ. ؟ ..... کۆمەڵێ بابەتی تر

زانکۆی سەلاحەدین ـ کۆلێژی ئاداب
بەشی کۆمەڵناسی ـ قۆناغی یەکەم
گرووپ ( B )
ساڵی خوێندنی 2021 / 2022

# سۆشیاڵ میدیا

Facebook.  Abdulkarim Mustafa

Instagram.  Abdulkarim_Mustafa_Official

SnapChat.  Ak.Gardi

## پێشەکی

هەموو خوێندکارێک بە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تێپەڕیوە بۆ ئەوەی بگات بە زانکۆ و ژیانی زانکۆ تاقیبکاتەوە. منیش وەک هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگایە پێم خۆش بوو هەم وەک بەرچاو ڕونیەک بۆ ئەو قوتابیانەی هێشتا نەگەیشتوون بەزانکۆ و هەم چێژێکیش بدەم بەخوێنەری ئەزیز ، ئەم کتێبە بنووسم.

من هێشتا سەرەتام لەنووسیندا و چەند نووسینێکی کەمم باڵوکردۆتەوە وەک نووسین بەڵام وەک کتێب ئەمە دووەم ئەزموونی منە.
هیوادارم گەر کەمیش بێت سوودێکم گەیاندبێت.

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

یەکەم ساڵی پۆلی دوازدە چۆن بوو. ؟

بوون بەپۆلی دوازدە هەستێکی خۆش و بگرە هەستێکی ناخۆشیشی هەیە. هەستە خۆشەکەی ئەوەیە کە تۆ پۆلەکانی ترت هەمووی بڕیوە و کۆتا ساڵی خوێندنتە لە ئامادەیی و هەموو ماندووبوون و هەوڵێکت ئەوەیە دەرەجەی باش بێنی و بچیتە زانکۆ.

هەستە ناخۆشەکەی ئەوەیە کە بارگرانی و قەلەقی و ڕاڕایی زۆر دەخاتە نێو دڵی خوێندکارانەوە بەگشتی ، چونکە ئەم هەمووە ساڵە خوێندوویەتی هەمووی بەلایک و پۆلی دوازدەش بەلایەک ، ساڵەکانی تر و پۆلەکانی تر قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی خوێندنێکی ئەوتۆ ناکەن و تەنها دەیانهەوێ دەربچن و بگەنە قۆناغی کۆتایی ، بۆ منیش بەهەمان شێوەبوو ، لە پۆلەکانی تر تەنها و تەنها ویستی من دەرچوون بوو تابگەمە کۆتا پۆل ئەویش پۆلی دوازدەیە.

بابەتەکەم ئەمە نییە بەڵام دەمەوێ لێرەوە باسی بکەم.

ئەم هەمووە ساڵەی تەمەنم خوێندم و هەوڵمدا تەنها بۆگەیشتن بە پۆلی دوازدەبوو. ؟ یانی ئەوساڵانە هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو. ؟ باشە بۆچی تەنها و تەنها ئەبێ پۆلی دوازدە پێوەربێ بۆ ئەوەی کەسایەتی و پێگەی داهاتوومان لەناو کۆمەڵگا دیاریبکا. ؟ باشە بۆچی تەنها پۆلی دوازدە دکتۆر و ئەندازیاران و مامۆستایان و هتد. دیاربکا. ؟ باشە بۆچی ساڵەکانی تر هیچی نەبوونە پێوەر. ؟

ڕای تایبەتی خۆم ، پێم باشە لەپۆلی حەوتەوە دەرەجە بۆ قوتابیان دابنرێت تادەگەنە پۆلی دوازدە و هەموویان بۆ هەژماربکرێت ، جا هەرساڵەو چەند نمرەیەک بەهەمووی ڕێژەی سەدا سی تێپەڕ نەکات ، تا دەگاتە پۆلی دوازدە و ڕێژەی سەدا حەفتاکەی تر بۆ پۆلی دوازدە دابنرێت.

چونکە ئەم هەموو تەرکیز و بارگرانیە زۆر زۆرە لەسەر شانی قوتابیان بەتەنها لە پۆلی دوازدە ، ڕاستە قوتابی ئەبێ هەوڵبدات ماندووبێت و بخوێنێت ، بەڵام بەم شێوەش نا کە قوتابی زۆر جار تووشی خەمۆکی و نەخۆشیە دەرونیەکان دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی زۆر بیردەکاتەوە و خەم لەو دەرسانە دەخوات ، کە دەرەجەی باشیان لێ ناهێنێت ، ئەمەش وادەکات ئاستی دابەزێ و لە بابەتەکانی تریشدا خراپ بێ و نمرەی بەرز نەهێنێت.

بەهەرجۆرێک بێت پێویستە هەموومان پاڵپشت و هاندەربین بۆ تەواوی قوتابیان و خوێندکاران لە پۆلی دوازدە ، تا کەش و هەوایەکی گونجاویان بۆ بڕەخسێنین و ، دوربن لە ناخۆشی و جەنجاڵی ژیان .

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

با بێینەوە سەرباسەکەی خۆمان....!

یەکەم ساڵی پۆلی دوازدەم بۆمن جیاوازیەکی وای نەبوو لەڕووی هاوڕێ و ماMۆستایانەوە چونکە پێش بگەمە ئەم ئاستەش لەگەڵ قوتابییەکان تێکەڵاویمان هەبووە و ماMۆستاکانیش ، هەمان ئەو ماMۆستایانە بوون ، کە دەرسیان پێ وتبووین.

کاتەکانی ساڵی یەکەمم چۆن بەڕێکرد. ؟

ساڵی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی کاتەکانمان بەخۆشی و دور لە هەستی بەر پرسیارەتی بەڕێکرد ، کوڕەکان هەمووومان تەنها گاڵتەو گەڕان و قسەی خۆشمان هەبوو ئەوەنەبوو هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەین و بخوێنین چونکە ژیانی داهاتوومان و وێستگەی داهاتوومان پەیوەستە بەخوێندنی پۆلی دوازدە ، ئێمە ئەوەمان نەکرد. بۆ داخل بوون بۆ تاقیکردنەوەی نیشتیمانی هەمووومان دەرچووین کە یازدە کوڕ و حەوت کچ بووین ، بەڵام کۆتاییەکەی باش نەبوو بۆمن و هەندێک لەهاوڕێیانم.

چونکە لەماوەی ئەو چل ڕۆژەی کە گەڕابووینەوە بۆ ماڵێ ڕۆژانە تەنها سێ بۆ چوار کاتژمێر دەمانخوێند ، کاتەکانی ترمان بەقسە لەگەڵ یەکترکردن بەڕێ دەکرد ، بەردەوام لە گرووپ چات گاڵتەو قسەی خۆشمان دەکرد .

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

کەهەر ئەوقسە خۆشانە بوو بوون بەناخۆشی ، بەردەوام بووین لەمە بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین کە چ زیانێک بەخۆمان دەگەیێنین .

ڕۆژانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی هات ، هەروەک ڕۆژانی ئاسایی دەچووین و دەهاتینەوە. یانی بابەتەکەمان هیچ بەگرنگ وەرنەدەگرت ، لەدڵی خۆماندا ئەمان گووت ، گەر ئەمساڵیش بمێنینەوە کێشەیەکی وانابێ و ساڵێکی تر باشتر هەوڵی خۆمان دەدەینەوە. لەڕۆژانی تاقیکردنەوە وەک ڕۆژانی تر ، شەوانە بێ ئەوەی بخوێنین تابەرە بەیان قسەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد. و بەیانیەکەش ئەچووین بۆ تاقیکردنەوە ، کە هیچ شتێکی ئەوتۆمان نەدەخوێند.

وا بەردەوام بووین تا تاقیکردنەوەکان تەواو بوون و ئەنجامەکان هاتنەوە ، بەڵام چی بوو.؟

وەک لەو باسەی کەکردم دیاربوو چی بوو ، کوڕەکان وەک گوتم یازدە کوڕبووین هیچ کامێکمان بەخولی یەکەم دەرنەچووین و هەموومان یەکە و دەرسێک و دووانمان هێناوە.

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

هەموومان لە بابەتی ئینگلیزی کەوتین و دەرنەچووین ، کە بگرە بەئێستاشەوە زۆربەی هەرەزۆری قوتابیان بەدەست ئینگلیزیەوە دەناڵێنن ، بەهۆی ئەوەی لەسالآنی خوێندندا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەفێربوونی زمان نادرێت لە قوتابخانەکان و قوتابیانیش هەستی بەرپرسیارەتیان نییە بۆ فێربوون ، هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە قوتابیانی پێش ئێمە زۆربەی خوێندکارانی تری قوتابخانەکانی ئەم وڵاتەمان ، بەخراپە باسی ئینگلیزیان بۆ دەکردین و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لێی بترسین و نەتوانین خوێندنێکی باش بکەین و بەسەریدا زاڵ ببین.

لەماوەی نێوان خولی یەکەم و دووەم ، زۆرم بیرکردەوە کە ئایا بابەتی ئینگلیزی پڕبکەمەوە یان نا. ؟
گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە بۆ ساڵی داهاتوو دابنیشمەوە ، چونکە کۆنمرەی گشتی بابەتەکانم زۆر زۆر کەم بوون کە نەدەگەیشتن بە لەسەدا شەستیش.
هەندێک لەهاوڕێکانم دەرچوون و هەندێکیشیان وازیان لە خوێندن هێنا و من و هاوڕێیەکی تر دانیشتینەوە بۆ ساڵی دووەم...!

ئەم ئامۆژگاریە لەبرای خۆتان وەرگرن.....!

هەرگیز بیر لەساڵی دووەم مەکەنەوە ، هەردەم وابیربکەنەوە و هەوڵ بدەن کە بەساڵی یەکەم ئەبێ دەربچن و بڕۆن ، وا هەوڵ و ماندووبونتان بخەنەگەڕ کە بەساڵی یەکەم ئەبێ نمرەی تەواو بهێنن ، مێشکتان وا ڕابێنن کە ساڵی دووەمی تێدا نەبێت و هیچ بیرکردنەوەیەکتان بۆساڵی دووەم نەبێت.
چونکە گەر بیربکەیەوە ساڵی دووەم لەوانەیە باشتربی ، ئەوا هەڵەی هەردەم هەوڵ و ماندووبوونت بۆ ئەوەبێ بەساڵی یەکەم دەربچی و نمرەی باش بێنیت.
لەوانەیە هەندێک خوێندکار بەساڵی دووەم باشتربن و نمرەی باشتر بێنن بەڵام ئەمە ڕێژەیەکی کەمە و چەند کەسێکی زۆر کەمن لەو پۆلەی کەتۆی لێ دەخوێنیت ، ئەمە ئامۆژگاری منە بۆ ئێوە کەبیری لێنەکەنەوە و ساڵێکی تەمەنتان بەفیڕۆ نەدەن.

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

سالّی دووەمی پۆلی دوازدەمم جیاواز بوو...!

بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک خوێندکاری تر گەیشتنە پۆلی دوازدە ، کە بیر و بۆچوون و بیرکردنەوەیان زۆرجیاواز بوو ، جیاوازتر لەخوێندکارەنەی کەلەگەڵەمبوون و ڕۆیشتن بیریان دەکردەوە.

هەرلەیەکەم ڕۆژی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنەوە دەستیانکرد بە خوێندن و هەوڵێکی زۆریان دەدا و وای لێهات ڕکابەرایەتی لەنێوانیان دروست ببێت.
ئەمەش وایکرد بیر و بۆچوونی منیش بۆ خوێندن بگۆڕێ و منیش هەوڵبدەم بخوێنم خۆم ماندوو بکەم جیاواز لەساڵی یەکەم کە ساڵی یەکەم کاتەکانمان تەنها بە گاڵتە و خۆشی بێسوود بەسەردەبرد ، بەڵام ساڵی دووەم ڕکابەری و پێشبڕکێ لەنێوانمان دروست بوو ، کە جاری وا هەبوو گفتوگۆ و مناقەشەی توند لەنێوانمان دروست دەبوو.
بەهەرحاڵ ئەمەی لەنێوانمان ڕویدەدا ، سوودێکی زۆر زۆری پێگەیاندین و کەمترین کاتەکانمان بەفیڕۆدەدا ، هەموو هەوڵمان خوێندن و خوێندن بوو ، تا وای دەربخەین کە من لەوەی تر باشترم و ئەوەی تر لەمن باشترە ، ڕۆژانی ئاساییمان واتێپەڕکرد ، هیچ ساردبوونەوەیەک لەئێمەدا بوونی نەبوو. هەمووکات هەوڵمان دەدا و لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەشمان دا پێشبڕکێ مان دەکرد کە کاممان لەوەی تر زیاتر دێنین.

ئیتر وردە وردە ئەوساڵەشمان تێپەڕاند ، لەوەرزی دووەم زۆر جار هەبوو لە شوێنی ماموٚستا دەرسمان شەرع دەکرد ، کەئەمەش سوودێکی کاریگەر و باشی بۆ هەریەک لەقوتابییەکان هەبوو ، چونکە گەر بێت و دەرچووباینایە و بچووینایەتە زانکۆ ، بۆ دیبەیت و سیمنار زۆر سوودمان لێدەدیت.

لەکۆتاییەکانی ساڵ نزیک بووینەوە و بەرەو تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم چووین بۆ داخل بوون بۆ تاقیکردنەوەکانی نیشتمانی ، ئەوەبوو هەمووومان داخلی تاقیکردنەوە بووین.

ئیتر دەستمانکرد بەخوێندن و نزیکەی چل ڕۆژمان لەبەردەستدابوو بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی تاقیکردنەوە ، من کەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر زۆرم چەشت و خۆم ئامادە دەکرد ، ڕۆژانە زیاتر لە نۆ بۆ دە کاتژمێر خەریک خوێندن بووم ، هاوڕێیانی تریشم هەریەکە و بەجۆرێک هەبوو لەمن زیاتری دەخوێند و هەبوو مێشکی باشتر وەری دەگرت تەنها پێنج بۆ شەش کاتژمێری دەخوێند . تاگەیشتین بە ڕۆژانی تاقیکردنەوە و ناخۆشیەکانم لەوێوە دەستیانپێکرد.

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوە من لەکاتژمێر چواری بەیانی هەڵسام لەخەو بۆ ئەوەی بەخێرایی پێداچونەوە بۆ بابەتەکەم بکەم ، یەکەم بابەتمان دەرسی مێژوو بوو ، چووین بۆ تاقیکردنەوە و یەکەم ڕۆژم باش تێپەڕی ، کە لەم بابەتیان نەوەد و دووم هێنا ، بەڵام لەکاتی دەرچوونم لەقوتابخانە و گەڕانەوەم بۆماڵ ، هەستم کرد تووشی نەخۆشی دەبم ، ئەوەبوو گەیشتمەوە ماڵ تووشی هەڵامەت و لەرز و تا بووم ، لەو تاقیکردنەوانەی کەمابوومن نەم توانی باش پێداچوونەوەیان بۆبکەم و بەباشی وەڵامیان بدەمەوە ، الحمدلله ، سووپاس بۆخوا ئەمەش هۆکارێکە کە لەوانەیە خوای گەورە بۆمی دانابێ و تاقیم بکاتەوە.

تاقیکردنەوەکان تەواو بوون و لەچاوەڕێی هاتنەوەی ئەنجامەکان بووم ، چیم بینی. ؟؟

دووبارە لەبابەتی ئینگلیزی دەرنەچووم ، لەدووەم تاقیکردنەوەم نەمتوانی لێی دەربچم ، ئەوەبوو چووینەوە خولی دووەم و لەوێ کۆمەڵێک لەوانەی لەگەڵم بوون ، هەریەکە و بەهۆکارێک دەرچوون و نەجاتیان بوو بەڵام دیسان مامەوە و سێیەم تاقیکردنەوەم لەبابەتی ئینگلیزی سەرکەوتوو نەبوو.

الحمدلله ، هەرشتێک لەخواوەبێت خێرێکی پێوەیە ، بۆیە نابێ ناشکوربین ، پێویستە هەردەم سوپاس گوزاربین بەوەی کەدێتە ڕێمان.

ساڵی سێیەم و چوارەمم لەپۆلی دوازدە....!

بۆ ساڵی سێیەم مامەوە بەڵام ئەمجارەیان نەچوومەوە قوتابخانە ، بەڵکو تەنها ئینگلیزیم مابوو ئەویشم کرد بەیەک بابەتی ، بەدرێژایی ئەوچەند ماوەیەی کەلەماڵەوەبووم و دووربووم لەخوێندن ، کەم تازۆر خۆم خەریک خوێندنەوە دەکرد.

بەڵام بۆ ئەوە بەداخم کە نەچووم بۆ خولی فێربوونی زمان ، چونکە کاتێکی زۆرم هەبوو ، دەمتوانی بەئاسانی بچمە خولێکەوە و خۆم فێری زمانی ئینگلیزی بکەم و ڕاهێنانێکی باش لەسەر ئەو بابەتانەش بکەمەوە کە تێگەیشتنم لێیان خراپ بوو.

ڕۆژ هاتوو ڕۆی کاتی تاقیکردنەوەکان نزیک بۆوە و وەک ساڵی یەکەمم لێهاتەوە ، کە زۆر کەم دەرسم دەخوێند و خۆم هیلاک نەدەکرد و جددی نەبووم ، بۆکاتی تاقیکردنەوە ، ئەوەبوو ڕۆژی تاقیکردنەوە هاتوو بۆ جاری چوارەم چوومە تاقیکردنەوە و دیسان سەرکەوتوو نەبوومەوە و دیسان نەمتوانی دەربچم.
تاقیکردنەوەی پێنجەمیشم بەهەمان شێوەبوو ، کەنەمتوانی دەربچم و بۆ ساڵی چوارەم مامەوە و لەوێوە گۆڕانکاری ڕوویدا.

پلان و شێوازی خوێندنم گۆڕی و تاکتیکێکی نوێم بەکار هێنا ، ئەو بابەتانەی کە ئەمزانی لێیان تێناگەم و لێم قورس و گرانن ، بێ دوودڵی تەرکم دەکردن و نەم دەخوێندن.

ئەوەبوو ڕۆژی تاقیکردنەوە هاتوو دوای ئەم هەموو ماندوو بوونە کاتەکەی گەیشت ، بەڵام چی بوو.؟
دووبارە دەرنەچووم بۆ جاری شەشەم لەسەریەک شکستم هێنا ، و لەماوەی نێوان تاقیکردنەوە و وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان کە حەوت ڕۆژی خایاند ، تووشی نەخۆشی دەروونی بووم حاڵم زۆر زۆر شێواو بوو ، لەدڵی خۆما ئەم وت ئاخر چۆن دەبێ دیسان شکست بێنیتەوە ، کۆمەڵێ شت لەمێشکم کۆبوونەوە و بەردەوام بیرم لێی دەکردەوە ، ئەنجام هاتەوە و بینیم دەرنەچووم ، ئەمە دڵنیایی بوو کەدەرنەچووم ، لەکاتی وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان ، بەڵێنم بەخوای خۆمدا و دوبارە هەوڵمداوە و بۆجاری حەوتەم ، دووبارە خۆم ماندووکردەوە ، تاقیکردنەوەی حەوتەم بەدڵی من بوو خوای گەورە نەجاتی دام و توانیم بەنمرەیەکی باش ئینگلیزی تێپەڕێنم و هەنگاو بەرەو زانکۆ بنێم ، و هیوا و ئومێدەکانم گەشانەوە. کاتێکی نوێ لەژیانم دەستی پێکرد.

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

بێگومان تەمەنم زۆر لەهاوپۆلەکانم گەورەتر بوو بەجۆرێک ، ئەوکاتەی پۆلی دوازدەم تەواوکرد ، دەبوایە کۆتا ساڵی زانکۆم بوایە ، بەڵام تەمەن پێوەر نییە بۆ خوێندن و ڕێگر نییە لە بەرەو پێشچوونەکانی ژیانی مرۆڤ.
ئیتر کاتی فۆڕم پڕکردنەوە هات ، بەهۆی ئەوەی نمرەی گشتیم زۆر بەرز نەبوو چەند بەشێکی دیاریکراو وەریاندەگرتم.

حەزم بەکام بەش بوو. ؟ کام بەش هاتەوە. ؟

خۆشەویستترین بەش بەلامەوە ڕاگەیاندن بوو و زۆرم حەز پێی بوو هەستم دەکرد خۆمی تێدا دەدۆزمەوە ، هۆکارێکی تریش بۆئەوەی ئەو بەشە هەڵبژێرم شارەزاییم لەدیزاین و سۆشیاڵ میدیا باشبوو ، وە دەستی نووسینیشم تاڕاددەیەک باشبوو.

بەڵام چی بوو. ؟
ڕاگەیاندن نەهاتەوە ، بەشی کارگێڕی یاسا م بۆ هاتەوە لە پەیمانگای تەکنیکی.
بەشێکی زۆرباش نەبوو ، بەڵام تۆزێکیش حەزم لێی بوو چونکە دووساڵەبوو ، بەڵام خەڵک و دەوروبەرم کاریگاریان تێکردم و وایان تێم گەیاند کە پەیمانگا باش نییە و هەلی کاری هیچ نییە وەنەبێ لەزانکۆ گەلێک زۆربێ.

ئیتر کە زانیم ئەمەلم نییە و نابێ بچمە پەیمانگا ، دەستم کرد بەئامادەکاری و خۆئامادەکردن بۆ بەش گۆڕین لەپەیمانگا بۆ زانکۆ ، ویستم بەشی جوگرافیا پڕ بکەمەوە بەڵام الحمدلله خوای گەورە شتێکی وای خولقاند کە دووبارە ناوەکان و بەشەکان دەستکاری کران.

واتا دووجار ناوەکان هاتنەوە ، جاری یەکەم کارگێڕی یاسا پەیمانگا وەری گرتم بەڵام لەکاتی دووبارە کردنەوەی ناوەکان ، ئەمجارەیان بەشی دڵخوازی دووەمم کە کۆمەڵناسی بوو هاتەوە ، واتا لەپەیمانگا گۆڕا بۆ زانکۆ ، سوپاس بۆ خوا بە نسبەت منەوە بەشێکی باش و خۆشەویستە چونکە حەزی خۆم لەلایەک و توانا و ئارەزوەکانیشم لەلایەک کەهەردووکی لەم بەشە کۆدەبوونەوە ، چونکە دەستی نووسینم هەبوو وە خوێنەرێکی باشیش بووم لەبواری کۆمەڵایەتی و دەروونی ، کە ئەمە ئاسانکاری زۆری بۆم هەبوو.

مەبەست چی بوو لەباسکردنی پۆلی دوازدەمم. ؟؟؟،

مرۆڤ لەهەر قۆناغێکی ژیان بێت تووشی ناخۆشی و ڕێگای سەخت و هەوراز و نشێو دەبێت ، تووشی سەدان شکستی تاقەت پڕوکێن دەبێت ، تووشی خەم و خەفەت و بێ هیوایی دەبێت.

سەرەڕای ئەم هەموو شکست و ڕوخانە بەلام گرنگ ئەوەیە کۆڵ نەدەیت بەردەوام بیت ، هەمیشە بەهیوابیت و قەناعەتت هەبێت کەدەتوانی سەربکەوی ، شکست لەدوای شکست ، ڕوخان لەدوای ڕوخان بەڵام لەهەمووی گرنگتر هیوا هەبێت ، تا یەک تۆز هیوا هەبێت نابێت کۆڵ بدەی پێویستە بەردەوام و بەردەوام هەوڵبدەیت ، باش بزانە کە هەردەم خوایەک هەیە دەتوانی لەهەرکاتێکی سەخت و ناخۆشی و خۆشی و هتد. هانای بۆببەی ، هەرشکستێکت بزانە کە بێ حیکمەت نییە و خوای گەورە ئەمەی بۆ بەباشتر داناوی ، وە هەرگیز بە سەرکەوتنەکانت تووشی لەخۆبایی بوون نەبیت ، چونکە شکست هەیە و ڕۆژێک دێت زۆر بەخراپی وێران دەبیت ، بەسەرکەوتنەکانت دڵخۆشبە ، بەشکستەکانیشت دڵخۆشبە چونکە شکست دەرسێکە ئەتوانی سوودی لێ ببینی.

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

لە پۆلی دوازدە بەهۆی وانەی ئینگلیزییەوە چوارساڵی ڕێک مامەوە و نەمتوانی دەربچم و سەرکەوتوو بم ، کۆمەڵێ شکستی یەک لەدوای یەک ، زۆر کات تووشی ڕەشبینی و خەم و خەفەتی زۆر دەبوومەوە ، هەرکات کە شکستم دەهێنا وام دەزانی ئیتر تەواو دونیا بۆمن بوونی نییە و ژیان بۆمن بەردەوام نابێ ، زۆر کات بەناڕاستەوخۆیی ئەم وت ئەم ژیانە دادپەروەر نییە ، ئاخر ئەو هاوپۆلانەی لەگەڵم دابوون هەموویان ڕۆشتن و چونە زانکۆ و پەیمانگاکان بەتەنها من مامەوە.

بەڵام گەر یەک تۆز ڕوناکی و هیوا هەبوایە ئەم بیرۆکانەم لەمێشکم ئەسڕیەوە و بەردەوامیم ئەدا بەژیان و دوبارە هەوڵم ئەدایەوە ، ئەمزانی کە خوایەک هەیە و هیچ کات پشتم بەرنادات بۆیە لەهەوڵدان ماندوو نەئەبووم دووبارە هەوڵم ئەدایەوە ، ئیدی ژیانیش هەر بەم شێوەیەیە ، شکست و سەرکەوتن بەڵام ئێمە واهەست ئەکەین کەشکستەکان زۆرترن ، ڕەنگە وابێت ڕەنگە خوای گەورە تاقیکردنەوەیەک بێت بۆ ئێمەی دانابێت ، بۆیە دیسان ئەبێ هەوڵبدەین و بەردەوام بین.

# ساڵی یەکەمی زانکۆم دەستی پێکرد.!

تێبینی......!!!

بەکورتی باسی گرنگترین ڕۆژەکانی ساڵی یەکەمی زانکۆتان بۆ ئەکەم ، ئەوەی کە من بینیم و ئەنجامم دا لەتەواوی ئەم ساڵەدا بەکورتی بۆتانی باس دەکەم.

ئایا زانکۆ چۆنە.؟

ئەوەی پێشبینیمان دەکرد ئەوەبوو.؟

ئەم خەڵکە هەمووی بۆ خوێندن دێتە زانکۆ.؟

زۆر پرسیار و وەڵامی تر لەدرێژەی باسەکەدا ڕوونی دەکەمەوە.

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

پێش چوونم بۆ زانکۆ ، دوو ڕۆژ چووبووم بۆ پەیمانگا ، وەک لەباسەکەدا وتم ، جاری یەکەم لەپەیمانگای تەکنیکی کارگێڕی، بتشی کارگێڕی یاسا وەرگیرابووم ، هۆکاری چوونم بۆ ئەوێ ، ڕۆژی یەکەمیان مامەڵەی وەرگیرانمم ئەنجامدا و بەیەک ڕۆژ هەمووییم تەواوکرد ، ئەوەندە مابوو بچم دەوام بکەم ، بەڵام وەک وتم ، دەوروبەر کاریگەریان لەسەرم بەجێهێشت و وتیان بەشێکی خراپە و هیچ داهاتوویەکی نییە .هتد. ئیتر بەمجۆرە پاشگەزبوومەوە و هەوڵی بەش گۆڕینم دا ، بەڵام خۆشبەختانە دوای چەند ڕۆژێک کە دوبارە ناوەکان ڕاگەیێنرانەوە ، بەشەکەم گۆڕا و لەپەیمانگا بووە بەشێکی باشی کۆلێژ کەهەم حەز و ئارەزووی خۆمی تێدابوو ، هەم یەکەم بەشیش بووکە لەڕیزبەندی پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆلاین دام نابوو.

مرۆڤ هەرچی هاتەڕێی پێویستە پێی شکور بێ و سوپاسگوزای خوای گەورە بێ کەئەوەی هێناوەتە ڕێ ، سێ بەشی ئەوقوتابیانەی دەچنە زانکۆ و پەیمانگاکان ، لەوسێ بەشە نیوەی بەدڵی خۆی ناچێ و نیوەکەی تری دەڵێ دەی هەرکوێیەک بێ کێشە نییە گرنگ وەربگیرێم و تەواو.

بەشەکەی تریش بەحەز و خولیای خۆیان دەچن ، و لەوبەشەی لێی دەخوێنن سەرکەوتوو دەبن ، ئەمانەی بەدڵی خۆشیان نەهاتوونە بەشی دڵخوازیان ، پێویستە نائومێد نەبن و بخوێنن و خۆیان بگونجێنن ، دڵنیابن یەکێک دەبێ لەباشترین بەشەکان بۆی.

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

ڕۆژی دووەمم کاتێک چوومەوە بۆ پەیمانگا ، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوبەشەبوو کەلێی وەرگیرابووم و گواستنەوەی پەڕاوەکانم بوو بۆ زانکۆ.

دەمەوێ لێرەوە سووپاسێکی تایبت لەفەرمانبەرانی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بکەم ، کە بەڕاستی بەبێ ماندووبوون و هیلاککردنی قوتابی کارەکانیان بۆجێ بەجێ دەکردن و بەکاتێکی کەم مامەڵەکانیان تەواو دەبوو.

درێژەی هەیە بابەتەکە .......!!

## یەکەم ڕۆژی چوونە زانکۆم تووشی چی بووم.....؟؟؟؟
## لەگەڵ کێ چووم...؟؟

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

ڕۆژی یەکەمی چوونە زانکۆم ، لەگەڵ هاوڕێیەکم پێکەوەچووین کە ناوی مەهدی بوو ، ئەو ڕۆژە مەهدی ببوە دەستەڕاستی من و شوێنەکانی بەمن پیشان ئەدا ، بەو حوکمەی ئەو شارەزایی شوێنەکانی هەبوو ، چونکە من کەمتر سەردانی شارم کردبوو ، زۆر شارەزایی شوێنەکان نەبووم....!

لەگەڵ مەهدی دوو ڕوداوم بەسەر هات ئەوڕۆژە...!

ڕووداوی یەکەمیان ئەوەبوو کە بەپاس ئەبوایە بچین بۆ زانکۆ و لەڕێگادا لەوشوێنەی کەدەبوایە دابەزین ، پاسەکە وەستا و ئێمەش دانەبەزین ، دواتر چەند مەترێک پاسەکە ڕۆی و دوبارە داوای دابەزین مان کرد و ئەوکات دابەزین ، کە ئەمەش بووە هۆکاری تەریق بوونەوەمان و تووشی مەوقیف بووین ، هۆکاری دووەمیش ، کە هەرلەڕێگا بووین بۆ زانکۆ کە هەر کاک مەهدی هاوڕێم پێشڕەو بوو ، ڕێگامان هەڵەکرد و چووینە ناو پەیمانگای پزیشکی هەولێر ، کە ئەویش لەتەنیش کۆلێژی ئادابەوەیە ، کاتێک چووینە ژوورەوە ئینجا زانیمان کە کۆلێژ نییە و پەیمانگایە ، ئەمەش یەکێک بوو لەڕووداوانەی کەبەسەرم هات ئەوڕۆژە.

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

کاتێک چوومە ناو کۆلێژەوە ، یەکێک لە قوتابیە پۆلی چوارەکانی بەشەکەی خۆم کەلێی وەرگیرابووم پێشڕەوی کردین و چەند شوێنێکی پێنیشانداین و لەسەرووی هەموشیانەوە بەشەکەی خۆم.

من بەهۆی ئەوەی مامەڵەی هەمووشتەکانم لەپەیمانگا کردبوو ، ئەوەی لەسەرمبوو تەنها فایل گواستنەوە بوو لەپەیمانگا بۆ کۆلێژ.

لە کۆلێژ تۆزێک درەنگ کەوتم بەهۆی سستی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە کە وەرگرتنی قوتابیان بوو ، دواجار وەرگیرام و ڕۆژێک دیاریکرا بۆ دەوام و دەستمانکرد بەخوێندن لەزانکۆ.

**لە ڕۆژانی سەرەتای خوێندن چۆن بووم....؟**
**پێویستە خوێندکار یەکەم ڕۆژ چۆن بێت...؟؟**

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

ڕۆژانی سەرەتای دەوام بۆمن تاڕاددەیەک ئاسیی بوو ، چونکە من تەمەنم زۆر لە و قوتابیانە گەورەتربوو کەلەگەڵ خۆمدا بوون لەپۆلی یەک ، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی قەلەق نەبم و ڕۆژەکان بەئاسایی وەربگرم.

بەشێک لەخوێندکارەکان تا نزیکەی دوومانگیش بەسەر تێپەڕبوونی خوێندن ، هەر قەلەقبوون شەرمیان دەکرد ، هۆکاریش ئەوەبوو کە ڕێژەی قوتابییەکان زۆر بوو کە هەموویان سەیری تۆیان دەکرد ، لەخۆتەوە شەرم دایدەگرتی.

ڕێژەی قوتابیان لە پۆلی یەکەمی بەشەکەی من زۆر بوو کە لەکاتی وەرگرتن سەروو دووسەد قوتابی بوو بەڵام هەندێکیان دابەزینیان کرد و هەندێکیش گواستنەوە ، تاوای لێهات نزیکەی سەد و حەفتا قوتابی مایەوە و دابەشی سەر سێ گرووپ کران ، هەرگرووپەی پەنجا خوێندکار زیاتربوون کە ئەمەش زۆر کات ڕێگربوو لە تێگەیشتن لەبابەتەکان ، هەندێک کاتیش دوو گرووپ تێکەڵی یەکتر ئەکران بۆ خوێندنی بابەتێک ، ئەمەش تەنیا کات بەفیڕۆدان بوو چونکە هیچ یەکێک لەقوتابییەکان بەباشی لەبابەتەکە نەدەگەیشتن هۆکاری ئەم قەرەباڵغییەش ئەوەبوو کە شوێنی خوێندمان زۆر کەمبوو ، تەنها چەند پۆلێک بوو کە دواتر بۆمان چاککرا و لەبەشەکانی ڕاگەیاندن و فەلسەفە و دەرونزانی لەوێ پۆلمان وەرئەگرت بۆ خوێندن.

خوێندکار سەرەتاکانی خوێندن لەزانکۆ دەبێ چۆن بێ و چی بکات. ؟

زانکۆ جیاوازترە لە قوتابخانە و ڕەنگە چەند خوێندکارێکی کەم بن لەگەڵ یەکتر ، ڕەنگە هەڵسوکەوتتان لەگەڵ یەکتری تۆزێک منداڵانەبێت و گەورانە بیرنەکەنەوە ، لەهەندێک ڕووەوە پێویستە بگۆڕێی و لەهەندێک کاتیش پێویستە خۆت بیت و هەندێک ئەتوار و کردار لەخۆت داهەن پێویست ناکات بیانگۆڕیت.

لەخوێندنگا بۆنمونە تۆ کەسێکی سادەی و پۆزاوی نیت ، درۆ ناکەیت و بۆ مەسلەحەت لەگەڵ هاوڕێکانت نیت ، ئەوەی مەبەستتە خوێندنە و جارجارەش کاتی خۆش بەڕێبکەن ، تەنها ئەوە مەبەستی تۆیە و لەگەڵ هاوڕێکانیشت تەبان بەیەکەوە.

کەچوویتە زانکۆ بەهیچ شێوازێک ، لەخۆت مەگۆڕێ و لەخۆت بایی مەبە ئەم ڕەفتارانەی لەخوێندنگا بەباشە هەت بوو لەزانکۆ تەرکیان مەکە و ببیتە کەسێکی تر ، هاوڕێیانی قوتابخانەت لەیادمەکە ، ڕەنگە تۆ چووبیتە زانکۆ و یەک دوانێکیان دەرنەچووبن و لە پۆلی دوازدە مابنەوە ، پێویست ناکات خۆتیان لێ لابدەی و لەخۆبایی ببیت و نەیان دوێنیت ، وامەکە هاوڕێیەکانی منالیت ڕقیان لێت ببێتەوە.

لەقوتابخانە چۆنبوویت. ؟ لەزانکۆش هەروابە قەت وامەکە بەشێوازێک بگۆڕێیت کە بەڕووتەوە دیاربێت ، بەردەوام لەهاوڕێیانت بپرسەوە و گەرمەجال بوو سەرێکیان لێبدە ، هەرچەندە با خۆمانی لێ لانەدەین ، لەزەمانی ئێستاماندا و بەدیاریکراوی لە حەوت بۆ هەشت ساڵی ڕابردوو تائێستاش هاوڕێی ڕاستەقینە زۆر کەم بۆتەوە و بگرە هەندێکات هیچ کەسێک نییە بچیت بیدوێنیت و قسەی لەگەڵ بکەی یان دەردەدڵی بۆ بکەیت ، بەشێکیان ڕووبەڕوو هاوڕێی گیانی بەگیانیتن و کە ڕویان وەرگێڕا ئەبن بە دوژمن لێت ، باشە بۆچی وایان لێهاتووە.؟ بۆچیدڵیان شتێکە و زاریان شتێکی تر.؟

بەهەرحاڵ ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە خۆت بیت ، نەگۆڕێی و لەخۆبایی نەبیت.

بۆچی دەچیتە زانکۆ.؟ بێگومان بۆ خوێندن بۆئەوەی داهاتووت بیات بنێی ، بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە و بڵێی بەڵێ من لەم بوارە شارەزایی پەیا ئەکەم ، بڵێی تەواو داهاتووم دیارە و پێویستە ئامانجێکیشت هەبێت ، کەئایا ئەبیتە دکتۆر یان ئەندازیار ، یان مامۆستا ، یان. ..... هتد. کە ئامانجت بۆ شتێکی دیاریکراۆ هەبوو دڵنیابە پێی دەگەی.

بەڵام بەداخەوە زۆر زۆر بەداخەوە ، قوتابی و خوێندکاری زانکۆ لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەشێکی یەکجار زۆریان بۆ خوێندن نایەن ، ئەی بۆچی دێن.؟ بۆ خۆ حەرزکردن دێن ، بۆکات بەسەربردن دێن ، ڕێزم بۆکچان و خوشکان هەیە بەڵام بەشێکیان بۆ هاوسەر دۆزینەوە دێن و بەشێکیان تەنها لەماڵ دورکەونەوە و تەواو ئەوەندەیان بەسە ، کوڕانیش بەهەمان شێوەن وەنەبێ باشتربن ، باشە زانکۆ بەچی تێگەیشتوون.؟ گەر بۆ خۆدەرخستنە شوێنی تر هەیە بڕۆن بۆ ئەوێ ، بێگومان ئەمە هەمویان وانین بەشێکی باشیشیان بۆ خوێندن و پێگەیاندنی خۆیان دێن و سوود لەوکاتە وەردەگرن کە لەزانکۆن.

گەرتۆ تەنها لەسەر مەنهەج و بابەتەکانی زانکۆ بڕۆیت ، دڵنیابە بەتەواوی تێی ناگەیت و فێرە ئەو پیشەیە نابیت کە بۆی دەخوێنیت ، بۆیە پێویستە خوێنەربین ، بخوێنینەوە و کۆمەڵێ کتێبی جیاواز بخوێنینەوە ئینجا کتێبیش لەبارەی بابەتەکانی خۆمانەوە بخوێنینەوە ، گەر شتێکمان نەزانی با پرسیاربکەین ، پرسیارکردن حەیبەنییە ، نەزانین حەیبەیە.
کەسانێک هەن لەسەر خوێندن و خوێندنەوە ساردمان دەکەنەوە بۆ یە پێویستە هاوڕێیەتی ئەم کەسانە نەکەین بۆچی. ؟ چونکە تۆ جیاوازیت و ئامانجت هەیە دەتەوێ لەداهاتوودا کەسێکی جیاوازی کۆمەڵگا بیت نەک هەر بۆ کات بەسەربردن و جەوگۆڕین بچیتە زانکۆ.

# ئێمە پێویستە هەردەم بخوێنین.؟

گەر هەموو ئەوکاتانەی کە لەزانکۆ یان لەماڵەوەین بۆخوێندن تەرخانی بکەین بێگومان بێزار دەبین و لەخوێندن سارد دەبینەوە ، گەربۆت کرا هەفتەی جارێک دووجار بڕۆ هاوڕێکەت ببینە و قسەبکەن گفتوگۆ بکەن و دەردە دڵ بکەن ، بەم شێوەیە دڵ و دەرونتان ئارام دەبێتەوە و مێشکێکی ئارامترتان ئەبێت بۆ خوێندن ، هەر هیچ نەبێ دوو هەفتە سێ هەفتە جارێک بڕۆ بۆ سەیران و گەشت و کەش و هەوایەک بگۆڕە و کەشێکی جیاواز ببینە گەربۆت کرا ، هەموو ئەمانە وامان لێدەکات بەردەوام بین و سارد نەبینەوە لەسەر ئەو ئامانجەی کە هەمانە و ئەمانەوێ بەدەستی بهێنین ،

# "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

من بەدرێژایی ئەم حەوت مانگەی لەزانکۆ بووم ، چەند جارێک لەگەڵ گرووپ چووین بۆ گەشت و سەیران و چەند شوێنێکی خۆشمان بینی ، زوو زوو ئەچوومە پیاسە و بازاڕ و گەڕان ، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەبوو تا بێزار نەبم لەو کەش و هەوایەی تێیدام و بێزار نەبم لەخوێندن و خوێندنەوە ، من بۆ یەکەم بوون نەچووم بۆ زانکۆ ، من بۆ سوود وەرگرتن و ئەزموون پەیداکردن دەخوێنم ، وەسەرەڕای هەموو ئەمانە کۆمەڵێک هاوڕێی زۆر ئەزیز و خۆشەویستم ناسی وەک برا وابووین. ساڵێکی جیاواز بوو بۆ من و بەکۆی گشتی کاتەکانی زانکۆم لەم ساڵەدا خۆشبوو ، هەرچەند یەکەم ساڵیشم بوو بەڵام خولێڕاهێنان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەوکەسانەی لەدەوروبەرتن وات لێدەکات هەست بەبێزاری و دڵتەنگی نەکەیت ، کەبۆ ماوەیەک دووری لەماڵەوە ، چونکە بەشێک لەخوێندکاران لەبەشە ناوخۆیی ئەمانەوە و جاری وا هەبوو بە مانگ و دوومانگ نەدەچوونەوە بۆ لای کەسوکاری خۆیان ، بۆیە تا ئەتوانن خۆتان بگونجێنن و ڕابێن لەسەر ئەم کەش و هەوایەی کە تێیدان ، چونکە بەلایەنی کەم ساڵی یەکەم شەش بۆ حەوت مانگ دەخوێنیت و دەوام دەکەیت ، گەر خۆگونجاندنت نەبێت ناتوانیت بەردەوام بیت و بەردەوام هەست بەبێزاری و دڵتەنگی دەکەیت.

# نوێنەر کێیە و کاری چییە. ؟؟

نوێنەر ئەوکەسەیە کە لە قوتابخانە پێی دەوترا مڕاقیب ، بەڵام لەزانکۆ ناوەکەی جیاوازە و ئەرکیشی قورسترە ، نوێنەر وەک براگەورەیەکە بۆ تەواوی قوتابیانی گرووپ ، کە خزمەت بە قوتابییەکان دەکات و هەر ئیش و کارێکیان هەبێت لە بەشەکەی خۆیان بۆیان جێ بەجێ دەکات ، نوێنەر زۆر کات هاوکاری قوتابیانە لە دواخستنی تاقیکردنەوەی مانگانە و کە لەوانەیە قوتابییەک یان چەند قوتابییەک نەیان خوێندبێ و ئامادە نەبن بۆ تاقیکردنەوە ، ئەرکی نوێنەرە قوتابیان کۆبکاتەوە بۆ وێنەگرتنی کۆمەڵ ، کە ئێمە لەسەرەتاکانی دەوام وێنەی کۆمەڵمان گرت بە هاوکاری هاوکاری نوێنەرمان کە زۆر خەم خۆر بوو بو تەواوی قوتابیان بێ جیاوازی ، زوو زوو قوتابیانی کۆدەکردەوە بۆ گەشت و سەیران ، ئەمە بەس گرووپەکەی ئێمە وابوولەپۆلەکەی خۆمان کە سێ گرووپ بووین دوو گرووپەکەی تر تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە وێنەی کۆمەڵیان گرت و نە ڕێککەوتن بۆ چوونە سەفرە.

ئەتوانم بڵێم باشترین نوێنەرمان هەبوو لەسەر ئاستی هەموو بەشی خۆمان ، من وەک خۆم زۆر لێی ڕازی بووم ، چونکە زۆرشتی جوانی بۆ قوتابیان کرد کە بەشێکیان ڕەنگە تائێستا هەرئاگاداریشی نەبن ، بۆیە نوێنەری باش پاڵنەرێکی باشی قوتابیانە لە سەرکەوتن و بەرە و پێش چوون لە پرۆسەی خوێندن.

نوێنەرەکان لێرەوە دەیڵێم ، هیوادارم بەهیچ شێوەیەک فەرق و جیاوازی لەنێوان قوتابی کوڕ و کچ نەکەن ، چونکە هەندێک نوێنەر تەنها لایەنی چەند کچێک یانیش بەشێکی زۆری کچان دەگرێ و لەسەر بیر و ڕای کچان هەڵسوکەوت ئەکات و دەجوڵێتەوە ، بۆ کوڕانیش بەهەمان شێوەیە.

بەهیچ شێوەیەک چاوتان لەپارەی خوێندکار نەبێت کە بەهۆی کڕینی کتێب و مەلزەمە یان پارەی چونە گەشت و سەیران دەستتان دەکەوێت ، ئاگادار بن خوای گەورە چاودێرە بەسەر کار و کردەوەکانمانەوە و هەمووومان ئەبێ بگەڕێینەوە لای خوا و ڕۆژی پرسینەوە ئەبێ چی جوابێکی خوا بدەینەوە. ؟ تا ئەتوانن دڵی خۆتان ئاسوودە بکەن و بەبێ جیاوازی خزمەتی قوتابیان بکەن ، ڕەنگە قوتابی هەندێکیان منەتیان پێ نەبێت و بەماندووبوونت نەزانن ، بەڵام چاکە وخزمەتەکەت لەلایەن خوای گەورەوە ون نابێت.

# چۆن ڕاپۆرتم نوسیی. ؟

# چۆن ڕاپۆرت ئامادەبکەم. ؟

" " یەکەم ساڵی زانکۆم " "

بەنسبەت منەوە ڕاپۆرت نووسین و ئامادەکردن شتێکی ئەوەندە زەحمەت نەبوو کەباسی لێوە دەکرا ، چونکە پێش ئەوەی بچمە زانکۆ کەم تا زۆر گەڕانم و بۆی کردبوو کە ئاخۆ ڕاپۆرت چییە و چۆن دەنووسرێ و چۆن سەرچاوە پەیابکەم ، تاڕاددەیەک ئەمانەم هەمووی دەزانی و زۆر خەمم لێی نەبوو ، بۆیە بەلامەوە ئاسان بوو لەماوەیەکی زۆر کورت ڕاپۆرتم بۆخۆم ئامادەکرد و ئەتوانم بڵێم هاوکاری نیوەی قوتابییەکانی تری گرووپەکەی خۆمم کرد ، بۆدۆزینەوە سەرچاوە و کە ئایا چۆن سەرچاوە پەیابکەم ، ئایا بەس کتێب دەبێ یان ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتیش دەبن ، گەرێت و ئەوانەی هاوکاریم کردوون بێسفەت نەبن بەرامبەرم خۆیان شاهێدی ئەوەن کەچەندە هاوکاریم کردوون جا چ لەڕاپۆرت یان سیمینار یان دیبەیت یانیش پۆستەر بێت ، بێگومان نایکەمە منەت بەسەر کەسەوە و هیوای سەرکەوتن بۆ سەرجەم هاوپۆلانم دەخوازم.

وە بۆ سەرچاوەکان من زیاتر سوودم لەکتێبی پی دی ئێف وەرگرت کە تۆڕە کۆمەڵایەتەکان بڵاوکراونەتەوە ، یەکێک لە ماڵپەڕە گرنگەکانی کتێب لە گووگڵ کوردپیدیا یە کە زۆرترین کتێب و سەرچاوەی تێدا کۆکراوەتەوە ، زۆربەی کتێبەکان لەوێ دەستت ئەکەوێت ، زۆر سوودی پێگەیاندم و زۆرترین سەرچاوەم لەوێ کۆکردەوە.

چۆن ڕاپۆرت بنووسم.؟

بۆ نوسینی ڕاپۆرت پێویستە یەکەم جار پرسیاری لەکەسانی شارەزاتر لەخۆت بکەی ، یانیش لەگوگڵ و یوتوب بەدوایا بگەڕێی ، هەرهیچ نەبێت کەمێک زانیاریت لەسەری هەبێت پێش ئەوەی بچیتە زانکۆ و تا لەوێ تووشی کێشە و گرفت نەبیت و بەئاسانترین شێوە ڕاپۆرتەکەت پێشکەش بکەیت.

زۆرێک لەقوتابیانی زانکۆ فێربوون بچن پارە بدەن بۆ بەدەست هێنانی ڕاپۆرتێک و زۆر لەلایان ئاسانترە تائەوەی چەند خولەکێک لەکاتی خۆیان بگرن و خۆیان بەدوای سەرچاوەیا بگەڕێن ، ئەمە یەکێکە لەڕێگا هەڵەکانی بەدەستهێنانی ڕاپۆرت ، هیچ شتێکی وای تێناچێت خۆت هەوڵبدە و سەبر سەبر ئەتوانیت باشترین ڕاپۆرت دروستبکەیت ، ئەوەی ڕاپۆرت دروستەکات چی لەتۆ زیاترە. ؟ بۆ خۆت هەوڵنادەی و زیرەکی و لێهاتووی خۆت دەرناخەی. ؟ بڵێ بەڵێ دەتوانم ئەنجامی بدەم و هەوڵی خۆت بخەگەڕ ئەتوانیت بەئاسانترین شێوە ڕاپۆرتەکەت دروست بکەیت.

چۆن سەرچاوە بدۆزمەوە بۆ ڕاپۆرتەکەم.؟

کۆمەڵێک ڕێگان هەن بۆبەدەستهێنانی سەرچاوە و پەیداکردنی ئەو بابەتانەی کە لە ڕاپۆرتەکەت بەکاریان دەهێنیت ، من لێرەوە چەند ڕێگایەک دەخەمەڕوو تا بەئاسانترین شێوە بتوانن سەرچاوەکان بەدەست بهێنن.

یەکەم : کتێب

باشترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە کتێبە جا ئەو ڕاپۆرتەی تۆ دەتەوێت بینووسیت لەکام بابەتەوە نزیکە ، بۆنمونە دەیاردەی کۆمەڵایەتییە ، یان دەروونی مرۆڤە ، یان پزیشکیە ، هتد. لەکام بابەت نزیک بوو تۆ کتێبەکانی ئەم بوارە بخوێنەوە و بەئاسانترین شێوە سەرچاوەکان پەیا دەکەیت. وە ئێستا دونیا دونیای تەکنەلۆژیایە ، کتێبی پی دی ئێف هەیە کەهەر ئەم کتێبەیە کەلەکتێبخانەکاندا هەیە بەڵام لەناو مۆبایلەکەی خۆتەوە ئەتوانی هەرکتێبێک ویستت بێتە بەردەستت و بەئاسانی سەرچاوەکان بدۆزیتەوە.

دووەم : گۆڤار و ڕۆژنامە

سێیەم : ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت

هتد.

بەکۆی گشتی ئەمە ئەو ڕێگایانە بوون کە بتوانی سەرچاوەکانتی لێ بەدەستبهێنی ، چەند ڕێگایەکی تریش هەن بەڵام گرنگترینەکان ئەمانەبوون ، کە باسمکرد.

سەرچاوە چییە.؟

نمونە.

ئێستا تۆ ڕاپۆرتێک لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەنووسیت ، یەکەم جار ئەچیت پێشەکی ئەدۆزیتەوە ، جا لەسەر ئاستی کوردستان جیهان ، دواتر پێناسەیەک بۆ ماددەهۆشبەرەکان لەکتێبێکی تر ئەدۆزیتەوە و ئەینووسیت ، دواتر هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان ـ پێنج خاڵ کەمتر نەبێت ئەتوانی لەدوو سەرچاوە دەری بێنیت ، دواتر چارەسەرێک بۆ دیاردەکە ، بەدوای چارەسەردا دەگڕێی ئەمەشیان پێنج خاڵ کەمتر نەبێت ، دواتر نمونەیەک لەسەربابەتەکە دەنووسی و کۆتاشتیش لیستی سەرچاوەکانە کە لەکۆتایی لاپەڕەدا دەی نووسی.

تا ئەتوانن بابەتەکان لەخۆتان قورس مەکەن و پشت بە ڕاپۆرتی ئامادەکراو مەبەستن ، چونکە تۆ بۆ فێربوون هاتووی بۆ زانکۆ ، بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و جەوگۆڕین نەهاتووی .

## چۆن سیمینارم پێشکەش کرد. ؟؟
## چۆن سیمینار پێشکەش بکەم. ؟
## چۆن بتوانم بەسەر ترسدا زاڵبم. ؟؟

## "" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

چۆن سیمینارم پێشکەش کرد. ؟؟

پێش ئەوەی بچمە زانکۆ ترسێکی زۆر زۆرم هەبوو ، بڕیارم دابوو بەهیچ شێوەیەک سیمینار پێش کەش نەکەم ، چونکە هەستم ئەکرد ئەترسم ، سیقە و متمانەم بەخۆم نەبوو کە بتوانم لەبەردەم چل بۆ پەنجا قوتابی ڕاوەستم و قسەیان بۆبکەم ، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە وا بیرم دەکردەوە کەناتوانم ، خودی خۆم کەسێکی شەرمن بووم و هەمیشە قەلەق و دو دڵ بووم ، کە ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دوورنم کەنەتوانم سیمیناربکەم ، وە زۆرجار کە قوتابیانی زانکۆم دەبینی کە باسی خۆیان دەکرد لە پێشکەشکردنی سیمینار چیان بەسەر هاتووە و تووشی چ حاڵەتێکی ناخۆش بوون ، یەکجاری ترسم لێ دەنیشت و بڕوام بەخۆم نەدەهێنا کە سیمینار پێشکەش بکەم ، بەڵام کەچوومە زانکۆ چی ڕویدا. ؟؟ دوای چوونە زانکۆ ئەو بیرۆکەو بیروو بۆچوونانەی هەمبوو لەسەر ئەوەی کە سیمینار پێشکەش ناکەم ، هەمووی پێچەوانە بۆوە ، چونکە کاتێک کەش و هەوای زانکۆم بینی خەڵکێکی زیاترم ناسی ، ئەو بیرۆکەیەم لادروست بوو کە ئەبێ سیمینار پێشکەش بکەم و خۆم بسەلمێنم ، تا ساڵ تەواو بوو ، سێ سیمینارم پێشکەشکرد ، ڕاستە قەلەق دەبی و جاری واهەیە دەشڵەژێی بەڵام ئەمەی کەکردم تەجروبەیەکی زۆرباش بوو ئەو متمانە بەخۆبوونەم پتەوتر بوو کە بەڵێ دەتوانم و ئەنجامم دا ، بۆیە هەمیشە ئەبێ متمانە بەخۆبوونمان هەبێ و بڵێین بەڵێ دەتوانین ، ڕاستە شەرم هەیە و شڵەژان هەیە بەڵام بەهەموو جۆرێک لەگەڵ خۆتدا بدوێ و بڵێ دەتوانم.

چۆن بەسەر ترسدا زاڵ بین و باوەڕمان بخۆمان هەبێت لەکاتی سیمینارردا. ؟

زانیاری هەبوون لەسەر ئەو بابەتەی قسەی لەسەردەکەین : هەوڵبدە باش لە بابەتەکە تێبگەی کە دەتەوێ قسەی لەسەر بکەیت و زانیاری پێویستت دەربارەی هەبێت ، زیاتر گرنگی بەبابەتەکە بدە سەرەتا تاکو لێ ڕادێیت ، لەوانەیە هەڵەش بکەیت و لەبابەتەکەش دەربچیت بەڵام هەوڵبدە بەخێرایی بێیتەوە سەرباسەکەت.

کاتێک پرسیارێکت لەسەر ئەو بابەتە لێ دەکەن ڕاستەوخۆ وەڵام مەدەرەوە ، کەمێک بوەستە ، کەمێک بیر لەپرسیارەکە بکەرەوە ، ئەوکات وەڵام بدەوە.

پێش ئەوەی دەست بەقسەکردن بکەیت ئەو زانیاریانەی پێویستە لەلات هەبن ڕێکیان بخە بەشێوەیەکی نووسراو ، دەنگی بێت یان وێنەیی ، ئەمە یارمەتی دەرە بۆ زاڵبوون بەسەر بابەتەکە ، ئەم خاڵە دەتوانی لەسیمینار سوودی لێ وەربگریت.

هەوڵبدە پێش ئەوەی قسە بۆ خەڵک بکەیت ، قسە بۆ هاوڕێ یان ئەوکەسانەی لایان ئاسوودەی چەند جارێک بابەتەکە پێشکەش بکە ، هەروەها ڕێگایان پێبدە کە قسەکانت تۆماربکەن بەدەنگ و ڕەنگ بۆ ئەوەی دواتر پێیدا بچیتەوە ، هەروەها داوا لەبەژداربووانیش بکە کە پرسیارت لێبکەن.

بڕوات بەسەرکەوتنی خۆت هەبێت و وا خەیاڵ بکە کە تۆ بابەتەکەت پێشکەش کردووە و تیایدا زۆر سەرکەوتوو بوویت ، ئەم بیرکردنەوە ئەرێنیە یارمەتی دەرێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بڕوات بەخۆت زیاتر بێت ، تا بتوانی بەسەر هەستە نەرێنیەکانت دا زاڵبیت ، بەمەش کۆتایی بەترسەکەت دەهێنیت.

هەندێک هەناسەی قوڵ هەڵکێشە پێش ئەوەی بچیتە شوێنی قسەکردن ، چەند هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە و خۆت ئارام بکەوە ، هەروەها لەوکاتانەی قسەدەکەی هەناسەدانت ئاسایی بکەوە ، تەرکیز لەبابەتەکەت بکە نەوەک ئامادەبووان.

ئەوە بزانە کە ئەو خەڵکەی هاتوون بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ هاتوون چاویان لەسەر شێوازی جەستە و قسەی تۆنییە ، کەواتە تۆش ئەمە لەمێشکی خۆت لابدە و تەرکیز لەستر زانیاریەکان بکە ، ئەوکات ترسەکانت کەمتر دەبێتەوە ، ماوە ماوە بێدەنگ بە هەوڵ مەدە هەموو زانیاریەک وەک تۆمارێکی ڕادیۆیی یان کاسیەتێک لەدوای یەکتر ڕیز بکەیت ، هەوڵبدە ماوە ماوە دەرفەت بەخۆت بدەی بۆ ئەوەی بتوانی سیستمی هەناسەدانت ڕێکبخەیی و هەناسەیەک هەڵمژی ، هەروەها ئەم ماوە و کاتە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا بەژداربووە گوێگرەکانیش زانیاریەکان زیاتر تۆماربکەن و لەزانیاریەکان ورد ببنەوە ، دان بەسەرکەوتنی خۆتدا بنێ پاش ئەوەی کە لەقسە و وتارەکەت تەواو بووی یەکسەر دان بەوە دابنێ کەتۆ سەرکەوتوو بوویت لەپێشکەش کردنی سیمینارەکتدا و دەتوانی بەگونجاوی قسەکان بکەی ، هەرچەندە زۆر نموونەییش نەبێت ، بەڵام مەکەوە ڕەخنەگرتن لەخۆت و قسەکانت تەنیا هەڵەکانت لەبەرچاوبێت بۆئەوەی دوبارەیان نەکەیتەوە و بتوانیت لەسیمیناری داهاتووت دا هەڵەکان ڕاست بکەیتەوە.

لەکۆتاییدا بەدەستهێنانی پاڵپشتی و چارەسەر : ئەگەر زانیت ئاستی ترسەکەت زۆرە و بۆتە هۆی بێزارکردنت و لەکارەکانتی دورخستوویتەتەوە ئەوا پێویستە سەردانی پسپۆڕانی دەرونی بکەیت بۆ ئەوەی بەرنامەی چارەسەری و ڕێنماییت بۆ دابنێن ، ئەم چارەسەریە لەلای کەسانی پسپۆڕ و شوێنی پسپۆڕان دەبێت وەک سەنتەر و ڕێکخراوە دەرونیەکان یاخوود پزیشکی دەروونی ، لەم شوێنانە هاوکاری باش دەکرێیت بۆ دانانی بەرنامەکانی چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەر ترسەکە و چارەسەرکردنی.

## شەش بنەمای سەرەکی لە پێشکەشکردنی سیمیناردا.!!

یەکەم : ـ پێویستە وتاربێژ باسی شتێک بکات کەلەلای گوێگرەکانی گرنگ بێت ، واتا باسی بابەتێک بکەین کە بابەتێکی هەنووکەییە بۆ ژیان ، واتا سوودی بەرامبەرەکەی لەسەرە چونکە ئەوکەسەی کە گوێت لێ دەگرێت و دێت بۆ سیمینارەکەت حەزەکات شتێک فێرببێت ، بۆیە گرنگە بزانیت گوێگرەکانت حەزیان لە چییە ، وە ئەگەر تۆش توانای باسکردن هەیە لەو بابەتان بۆیان باسبکە ، کەواتا بنەمای یەکەم گوتاربێژی باش ئەوکەسەیە کە دەزانێ باس شتێک بکات کە لەلای گوێگر گرنگە.

دووەم : ـ بەزمانێکی سادە و پاراو قسە ئەکات بەو مانایەی کە گوێگر لێی تێدەگات ، هەندێک وشە هەیە بەکاری ناهێنێ کە ئەزانێ لەو کۆمەڵگایە لێی تێناگەن ، وە پێویستە خۆمان دوور بگرین لەوشەی بیانی کەلەئێستادا لەکۆمەڵگای ئێمەدا نیە.

سێیەم : ـ تۆنی دەنگ ، پێویستە وتاربێژ بزانێک کەلەکوێیا دەنگی بەرز دەکا و لەکوێیا دەنگی نزم دەکات بەکۆی گشتی پێویستە وتاربێژ تۆنی دەنگی بەرزبێت لەکاتی قسەکردندا بۆئەوەی ئامادەبووان بەباشی لێی تێبگەن ،

چوارەم : ـ شوێنی وەستانەکان لەکاتی قسەکردندا چییە. ؟ هەندێک وشە هەیە لەڕستەدا کە بەلاتەوە گرنەگە ئەبێ لەسەری بووەستی ، ماوەیەک نێوانت هەبێت یەک دوو چرکە بووەستە.

پێنجەم : ئاماژەکان چۆن بکەین ، وتاربێژی باش ئەزانێت چۆن ئاماژەکان کەی و لەکوێ بەکاربێنێت ، هەندێک ئاماژە هەیە بەدەست ئەزانێ چۆن ئەیجوڵێنێ یان قاچی یان دەم و چاوی چۆن دەجوڵێنێ.

شەشەم : ـ وتاربێژی باش ئەزانێت بۆ قسە ئەکات ، ئەزانێ بۆ ئەو وتارە پێشکەش دەکات ، مەبەستی چییە لە پێشکەشکردنی ئەو سیمینارە ، هەمیشە وەڵامی بۆ ی پێیە ، کە ئەمە یەکێکە لەگرنگترین شتەکان لەکاتی سیمیناردا.

# دوو تەکنیکی گرنگ بۆ شکاندنی ( ترس لەوتاردان ) دا

ترس چییە. ؟؟

یەکێکە لە هەڵچوونەکانی مرۆڤ و پێداویستیەکی زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ ، چونکە ئەگەر هاتوو ئێمە ترسمان نەبوو لەژیانی خۆماندا ئەوە ڕەنگە چەندین کاری مەترسیدار تاقیبکەینەوە و ژیانمان بکەوێتە مەترسیەوە و کۆتایی بەتەمەن و ژینمان بێت ، بەڵام کاتێک کە ترس هەیە ئێمە ئەو کارانە ئەنجام نادەین و بەردەوامی بەژیان دەدەین ، بەڵام گەر هاتوو ئەم ترسە وای لەئێمە کرد کە ژیانی داگیرکردین و نەیهێشت هەنگاو بنێین بەرەو پێشەوە ئەوکات ئەمە کارەسات بارە و ئەمە گرفتە و پێویستی بەچارەسەرە.
بەپێی ئامارەکانی جیهان ترس لەوتاردان دا لەڕیزبەندی پێشەوەی ترسدایە ، وتا لەڕیزبەندی پێشەوەیە لەناو ئەو هەمووترسەی لەجیهاندا بوونی هەیە.

لێرەدا گرنگترین چارەسەرەکان دەخەینەڕو :
هەناسەدانی قوڵ ـ سوودی ئەوەی هەیە کە دڵەڕاوکێمان کەم دەکاتەوە کاتێک کەدڵمان خێرا لێ ئەدات ، تەپەتەپی دڵمان کەم دەکاتەوە ، ئۆکسجینی زیاتر ئەنێرێت بۆ مێشکمان و بەئارامی ئەمێنینەوە ، تەکنیکەکە چییە. ؟؟؟ هەوای ناو سکت هەمووی بەتەڵ ئەکەیتەوە دواتر تا پێنج ئەژمێریت ، بەلووت هەناسەکە هەڵ دەمژیت و بۆ ماوەی پێنج چرکە هەناسەکە لە سکت ڕادەگریت و بەدەم هەواکە ئەدەیتەوە ، زۆرترین جار ئەم تەکنیکە دووبارە بکەنەوە و سوودی لێ وەر ئەگرن.

تەکنیکی دووەم ـ وێناکردن ، ئێمە لە عەقڵی ئاگا و نائاگا پێک هاتووین ، عەقڵی ئاگامان ئەوەیە کە ئێمە بە عەقڵ بیردەکەینەوە و کردارەکانمانی پێ ئەنجام دەدەین ڕۆژانە ، بەڵام عەقڵی نائاگا هەرشتێکی پێ ئەدەی وەکو منداڵێکی تازە لەدایک بوو وایە کە بەڕاستی وەری دەگرێت ، واتا من هەرقسەیەک کە بەخۆمی ئەڵێم عەقڵی نائاگام بەڕاستی وەریدەگرێت ، بۆیە زۆر گرنگە لەکاتی وتاربێژی دا پێش وتاردانەکە تۆ وێنا بکەیت ، وێنای چۆن. ؟ واتا تۆ چاو دائەخەیت و خۆت ئەخەیتە ناو ئەو واقیعەوە کە ئەڕۆی بۆ وتاردان ، پێش دەستپێکی وتار وێنا بکە کە خۆت ئامادە کردووە و بانگت ئەکەن بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەت و بەباشترین شێوە وتارەکەت پێشکەش کردووە و لەکۆتاییدا خەڵک چەپڵەت بۆ لێ ئەدەن و دەستخۆشیت لێ دەکەن و زۆر زۆر لەتۆ ڕازین ، چەند جارێک ئەم تەکنیکە بکە بێگومان سوودی زۆری لێ ئەبینیت لەکاتی سیمینار پێشکەش کردندا.

# 8

# ڕێگە بۆ ئەوەی بە متمانەوە لەبەردەم خەڵکیدا گفتوگۆ بکەین

یەکەم ـ پێویستە کەسێتییەکی بەهێزت هەبێت

دووەم ـ توانای گفتوگۆ کردنت هەبێت

سێیەم ـ تێگەیشتن لەبابەتەکان

چوارەم ـ هەمیشە زەردەخەنە بکە

پێنجەم ـ ڕاو بۆچوونەکان قبووڵبکە

شەشەم ـ بوار بە کەسانی دیکە بدە

حەوتەم ـ درێژە بەقسەکانت مەدە و بەشێوازێکی خراپ مەدوێ

هەشتەم ـ دوورکەوە لە نەرێنی بوون

# گرینگە قوتابی زانکۆ
# زیاد لە پسپۆڕیەک فێرببێت

بازاڕی کاری ئەمڕۆ و بواری ئابووری ئەمڕۆ وادەخوازێت کە کۆمپانیاکان و کەرتی حوکومی ، پێویستیان بەکەسانێکە کە زیاد لە پسپۆڕیەک بزانن جگە لەپسپۆڕی خۆیان ئینگلیزی و عەرەبی یان لە کۆمپتەر شارەزاییان هەبێت ، وە زانکۆکانیش داوا لەقوتابیان دەکەن جگە لەپسپۆڕی خۆیان پسپۆڕی جێگرەوەش فێربن ، وە بۆ فێربوونی پسپۆڕی جێگرەوەش قوتابیان پێویستیان بەڕاهێنانە کە بۆ ماوەی زیاد لە پێنج بۆ شەشم مانگ بخایەنێت تا بەباشی فێرە پسپۆڕی جێگرەوە ببن ، لەئەگەری ئەوەی لە بازاڕدا لە پسپۆڕی خۆم کارم دەستنەکەوت بتوانم بەپسپۆڕی جێگرەوە کارم دەست بکەوێت.

قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی و قوتابی زانکۆ بەتایبەت ، پێویستە تەنها چاوی لەوە نەبێت کە تەنها بۆ کات بەسەر بـردن و جەوگۆڕین دێتە زانکۆ ، پێویستە گرنگی بەخۆی بدات و پەرە بەخۆی بدات ، جگەلەخوێندنەکەی چەند کارێکی تر تاقیبکاتەوە و شارەزایی لەچەند بوارێکی تر پەیدا بکات ، تا لەداهاتوودا بێکار دانەنیشێت و گلەیی لەحکومەت بکات بڵێت هەلی کار نییە و ناتوانم کار بکەم ، تۆ خۆت خۆت پێبگەیێنە و شارەزایی لەچەند بوارێک پەیدا بکە بێگومان لەداهاتووشدا کاریشت دەست دەکەوێت.

# ئامانجت چییە لە ڕۆشتننت بۆ زانکۆ. ؟

زۆر گرنگە لەیەکەم خولەکەوە ئامانج بۆخۆت دیاری بکەیت.
ئەگەر لەیەکەم قۆناغەوە باێی نیەتم وایە دەمەوێ یەکەم بم و لەڕیزبەندی پێشەوەبم ئۆتۆماتیکی مێشکت پەیامت پێ ئەدات ، چونکە جیاوازە بیر لەیەکەم بوون بکەیتەوە یان بیرت تەنها لای دەرچوون بێ و تەواو ، چونکە گەر وتت یەکەمی ئیتر لەخۆتەوە هەوڵ ئەدەی مەلزەمەکان زووتر پەیا ئەکەی و پرسیاری ساڵانی پێش و پەیا ئەکەی و خۆت زیاتر ماندوو دەکەیت و لەڕیزی پێشەوە دائەنیشیت ، هەوڵ ئەدەی لەگەڵ مامۆستاکان باش بیت ، هەوڵ ئەدەی لەهەموو وانەکان ئامادەبیت ، هەوڵەدەی ئینگلیزی یان عەرەبی یان کۆمپیوتەر فێرببیت ، بەردەوام و بەردەوام هەوڵ ئەدەیت چونکە لەمێشکی خۆتدا ئامانجێکت دیاری کردووە و بۆئەو ئامانجە تێدەکۆشیت.
گەر یەکەم بوون نەخەیتە مێشکتەوە بێگومان هەوڵ نادەی و خۆت ماندوو ناکەیت ، چونکە هیچ ئامانجێکت نییە.
زۆرێک هەن دەڵێن کە دامەزراندن نییە بۆ بخوێنین.؟ سوودێک نابینین بۆ بخوێنین. ؟ ئەی باشە بۆچی هاتویتەتە زانکۆ. ؟ بۆ کات بەستر بردن و جەوگۆڕین. ؟ بێگومان هەڵەی و لەداهاتووشدا ئەم هەڵەیەت بۆ دەرەکەوێت ، بۆیە تا زووە ئامانجێک دیاری بکە و بۆی بجەنگە بێگومان لەداهاتوودا پێی دەگەیت.

"" یەکەم ساڵی زانکۆم ""

لەکۆتایی کتێبەکەدا پێم باش بوو چەند ئامۆژگاری و پێشنیارێک بخەمە ڕوو.

قوتابی خۆشەویست تۆ کە کوڕیت یان کچ ماندوو بوونت زۆر چەشتووە هەوڵت داوە تابگەیتە زانکۆ ، ماندوو بوویت تاگەیشتیت بەئامانج ، دایک و باوکت پاڵپشتت بوون و هاوکارت بوون ، شەونخونیان بۆت چەشتووە تاتۆ بتوانیت بەئارامی و بێکێشە بخوێنیت و بگەیتە بەشێک کە داهاتووی خۆتی لێ بنیاد بنێی ، دڵنیابە ئەم هەموو خوێندن و ماندووبوونەت هەمووی بەرهەمەکەی بۆخۆتە و هیچ کەسی تر سوودی لێ نابینێت.

بۆیە کە هاتیتە زانکۆ لەخۆبایی مەبە و لەخۆت مەگۆڕێ ، بڵێی تەواو من شتم و حیساب بۆکەس نەکەی ، بێگومان هەڵەدەکەی گەر وا بیربکەیتەوە.

هەر نمرەیەکت هێنا لە پۆلی دوازدە پێی شکور بە ، هەربەشێکیشت بۆ هاتەوە پێی ناڕەحەت مەبە ، گەر مەجالی گۆڕین و گۆڕانکاری هەیە بیگۆڕە گەرنا خۆت بگونجێنە و بەزووی ئەوبەشەی لێی وەرگیراوی لەدڵی خۆتا خۆشەویستی بکە ، چونکە تۆ گەر لەبەشێک بخوێنیت و خۆشەویستیت بۆی نەبێت ، دڵنیابە تیایدا سەرکەوتوو نابیت.

زۆر گوێ بەدەوروبەرت مەدە کە دەڵێن ئەم بەشەی تۆ خراپە و هیچ نییە و داهاتووی نییە ، چونکە خەڵک بەردەوام و بەردەوام دەڵێن و دەڵێنەوە ، خەڵک ئەوەندەی بەدوای ڕوخاندنی کەسانی ترەوەن ، بۆ خۆیان هەوڵبدایە ئێستا لەلوتکەدا دەبوون.

خوشکان برایان ئێمە هەموومان بۆ خوێندن چووین بۆ زانکۆ بۆ عەشق و غەرامیات نەچووین بۆزانکۆ یان هەر ڕۆژەی لەگەڵ کوڕێکا بین یان هەرڕۆژەی لەگەڵ کچێک دا.
ئێستا لەبەشی زۆری زانکۆکاندا ئەمە بۆتە باو لەناو قوتابیان کە کام کوڕەی لەگەڵ زۆرترین کچدایە و قسەیان لەگەڵدا دەکات بەپیاوی دائەنێن و بۆکچانیش بەهەمان شێوە ، کە ئەمە زۆر زۆر هەڵەیە.
کچی باش ، کوڕی باش تۆ کەهاتوویتە زانکۆ بەئەمانەتی دایک و باوکت هاتووی بە ڕێپێدانی ئەوان هاتووی ، متمانەیان بەتۆیە بۆیە تۆیان ناردووە تابخوێنی و سەربەرزیان بکەیت نەک سەرشۆڕ و لەکەداریان بکەیت.

ڕووم لەکچانە بەتایبەت ، تۆ کەهاتووی بۆ زانکۆ هاتووی داهاتووت بنیاد بنێی نەوەک داهاتووت بڕووخێنی و وێرانی بکەی ، بۆ چی متمانەی دایک و باوک و براتان لەدەست ئەدەن. ؟
من لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا قوتابی زانکۆم و ئاگاداری ڕەوشی ناو زانکۆکانم و دەزانم چی ڕوودەدات.
بۆیە تا دەکرێ ئاگاداری ڕەفتار و کردارتان بن ، خۆتان بنیاد بنێن ، خۆتان مەدۆڕێنن بۆ هەندێک خۆشی دونیایی ، وابکەن ببنە جێگای شانازی کەس و کارتان ، نەوەک ببنە مایەی شەرمەزاری.

لەکۆتایی دا هیوام وایە هەموولایەکمان سەرکەوتوو بین.
بەردەوام ئەرێنی بن ، بەردەوام هەوڵ بدەن ، بەردەوام تێبکۆشن تا دەگەن بەئامانج.
چونکە تۆ جیاوازی بێگومان ئەبێت جیاوازبوونی خۆت بسەلمێنیت ، بڵێی بەڵێ من توانیم ، من ئەنجامم دا.
هیوا بڕاو مەبن و بەردەوام هیواخوازبن ، خوای گەورە لەگەڵمانە إِنْ شَاءَ اللّٰه.

السَّلاُمُ عَلَيْكُم وَرَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاْتُه

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ

سُبْحَانَ اللّٰه

الْحَمْدُ لِلّٰه

أَسْتَغْفِرُ اللهَ وَ أَتُوبُ إِلَيْهِ

حَسْبِيَ اللّٰهُ وَنِعْمَ الْوَكِيل

لاَحَوْلَ وَ لاَ قُوَّةَ إلاَّ بِاللّٰهِ العَليّ العَظِيم

بَاْرَكَ اللّٰهُ فِيكُمْ


یەکەم ساڵی زانکۆم
چۆن تێپەڕی؟
بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت پێویستە
هەوڵ بدەی ، هەوڵدانیش بێ ماندووبوون
نییە ، بۆیەماندووبە تا ئەنجامەکەی ببینی
2722
2022
چاپی ئەلیکترۆنی PDF